لەوەتەی پەرلەمانی نوێ دەست بەکاربووە نەمان بینیووە پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت لەلایەن خودی گەنجەوە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەنج تەنها گلەیی و گازاندە دەکات

چنار سەعد عەبدوڵلا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندام لە لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمان و مامۆستای زانکۆ لە هەڤپەیڤێنێکدا بۆ ئاڤێستا هاتە دووان لەسەر مەسەلەی گەنج لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و پرسە هەنوکەیەکانی گەنج هەروەها لەسەر پرۆسەی خوێندن و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن چەند روونکردنەوەیەکیدا لەسەر ئەو خۆپیشاندانانەی کەلەلایەن خوێندەڤانان بەڕێوەچوو پاڵپشتی خۆی بۆیان دووپات کردەوە و بۆ مافەکانیان.

هەڤپەیڤین: سەرنووسەر

*** گەنج ئەو کائینەیە کە توانای زۆری هەیە ئەو هێزو توانایەی حەشار دراوە پێویستی بە ڕێکخراوێک یاخود کۆمەڵەیەکی چالاک هەیە بۆ خستنەکاری ئەوهێزو توانایە پرسیارەکە ئەوەیە کاتی ئەوە نەهاتووە ئە هێزو توانایە بخرێتە گەڕ یاخود ئەو کاتە بەسەرچووە؟**

ـ بەداخەوە من پێت دەڵێم خودی مرۆڤ پێ دەگە لەتەمەنی خۆناسین دەگاتە ئاستی هەرە باڵای جەستەیی و فکری لێرەوە گەشەسەندنی عەقڵی دەست پێ دەکات دەگاتە ئەو قۆناغەی کە لێرە توانای ئەوەی هەیە زۆرترین زانیاری بۆ خۆی کێش بکا کەسایەتیەکی دروست پەروەردە بکات، بەڵام بەداخەوە گەنجی ئێمە دەگاتە ئەو قۆناغە کە لێرە توانای ئەوەی هەیە زۆرترین زانیاری بۆ خۆی کێش بکا کەسایەتیەکی دروست پەروەردە بکات، باچاک بزانن دەنگمان بەرامبەر بە نەوت و کارەباو ..هتد نییە دەنگمان بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی خۆمانە لەدوای ئەمە دەتوانین گلەیی خۆمان لە نێوان خۆمان چارەسەر بکەین ئەمە کێشەی خۆمانە ئەوە کێشە عەرەبەکان نییە بۆمان چارەسەر بکەن، خەدیجە ئیبراهیم ووتی من نە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەنگ دەدەم نە بۆ شارەوانی و پارێزگاکان بەڵام هەموو پەنجەکانم مۆر دەکەم تا وەکو کورد دەنگی باشی هەبێت نەکەوینە ژێر دەستی ئەو عەرەبە شۆڤینیانە. شاخەوان موسا کۆلیژی زانست دەڵێ: ئەمڕۆ دەوڵەتی کوردی خۆی رابگەینێ من لەگەڵ دام و بەڵام هیچ کات بیرم لە عێراقچیەتی نەکرۆتەوە با لەم هەڵبژاردنە دەنگێکی گەورەمان هەبێت لە عێراق تا ئەو کاتەی خۆمان رێک دەخەینەوە تاخۆمان ئامادە دەکەین بۆ هەڵبژاردنی کوردستان نەوەکو عێراقی. هاژە رەحمان دەڵێ من خۆم دەنگ بە لیستی کوردی دەدەم تا نەکەومە ژێر دەستی ئەو عەرەبانەی ساڵەهای ساڵە دژایەتی مافەکانی ئافرەت دەکەن وەکو کۆیلە سەیری دەکەن هەر کاتێ حکومیان کەوتە دەست خۆیان دەزانن چ لەو خەڵکە هەژارە دەکەن ئێمەش تا پێمان دەکرێ دەبێ دەنگ بۆ کورد زیاد بکەین نەوەکو دژایەتی کوردیش بکەین ئەلەند جەلیل دەڵێ بەشداری هەڵبژاردن دەکەم و بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم داوا لەهەموو کوردێکیش دەکەم کێشە لاوەکییەکان بەلاوەبنێن تا دوای هەڵبژاردن تا ناوچە ئازاد کراوەکانیش بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان.

دەکەن، ئەمڕۆ سەیری زۆرێک لە گەنجان بکەین دەبینین رەشبینن چی بکرێ بۆ ئەوەی بکەونەوە نێو دونیای گەشبینی؟

ـ بۆ دارمانی گەنج من دەسەڵات تاوانبار دەکەم لەوەی کە وەکو پێویست پێداویستیەکانی دابین نەکردووە کە گەنج بتوانێ بۆشایەکانی خۆی پڕ بکاتەوەو حەزەکانی دەستەبەر بکات هەروەها خودی گەنج تاوانبار ە کە نەیتوانیوە ئەو کەسایەتیە بەهێزە لەخۆی دەبێ هەوڵ دەدات گۆڕانکاری بکات، شۆڕش بکات، گۆڕانکاری ئەوە نییە تۆر رژێمێک سەروابن بکەی بەڵکو ئەوە گۆڕانکاریە کە لە ژێرخانی ئابووری و و پەروەردە.. هتد دەست پێ بکەی. بەڵام لە نێو ئێمە ئیرادەکان مردووە یاخود زۆر لاواز بووە، گەنجی ئێمە هەست بەوە ناکات کە دەتوانێ گۆڕانکاری بکات، هەست بەوەنا کات کە خۆی بەرپرسیارە لەم بارودۆخە.

*** پەرلەمان پرۆژە یاخود بەرنامەی چی لەژێر دەستی دایە بۆ گوێ گرتن لە گەنجان ئایا ئێو هەیچ پرۆژەیەکتان بەرزکردۆتەوە جێبەجێ نەکرابێ؟**

ـ ئەوبارودۆخە سیاسیەو ئابووری یەی بەسەر کوردستان هاتووە دەسەڵات کەمتەرخەمە ئەمە نەک هەر خزمەت بە گەنج ناکات بەڵکو خزمەت بە توێژەکانی تری کۆمەڵگە ناکات پەرلەمان یەکێ، لە کارەکانی دارشتنی یاسایە و پێداچوونەوەی زۆر بڕیار دووەمیشیان چاودێری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت.

هەروەها هەر پرۆژەیەک لە دەرەوەی پەرلەمان پێش کەش بکرێت (دە) پەرلەمانتار واژوو بکات ئەوە بەرزدەکرێتەوە لەوەتەی پەرلەمانی نوێ دەست بەکاربووە نەمان بینیووە پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت لەلایەن خودی گەنجەوە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەنج تەنها گلەیی و گازاندە دەکات.

*** کۆنفرانسی (بەرەو پەرلەمانی لاوان) لەشاری هەولێر بەڕێوە چوو بۆ دروست کردنی پەرلەمانێکی لاوان، چەند بایەخی هەیە بۆ ئەم سەردەمە ئەم پەرلەمانە؟**

ـ بیرۆکەی دروست بوونی پەرلەمانی لاوان بیرۆکەیەکی زۆر جوانە خۆزگە لاوانی ئێمە خۆیان چارەنووسی خۆیانی دیاری دەکرد، قسەیان لەسەر کێشەکانی خۆیان دەکردو پرۆژەیان هەبێ بۆ چارەسەرکردنی زۆرێک لەگەڵ ئەوەن کێشەکان چارەسەر دەکرێت و زۆرێک دژی دەوەستن. بەڵام من دەڵێم کێشەی بۆیە لە هەوڵی ئەوین گۆڕانگاری بکەین ئەمەش ئەوا ناگەیەنێ کە وەزارەتی پەروەردەی هەردوو لاهیچیان نەکردووە،ئەوان کاریان کردووە جێی دەستیان دیارە، بۆ کۆنفراسەکە بە بەشداری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو چەندین پسپۆڕی دەرەوە بەڕێوە دەچێ بریار وایە کۆتای مانگی دوازدە کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەین بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنفراسە گەورەکە.

*** ئەکتیڤ ترین لیژنە لە نێو پەرلەمان لیژنەی پەروەردەیە زۆر بەراشکاوی دەمەوێ بلێی چیتان کردووە لە وەتەی دەست بەکاربوونتان تاکو ئێستا ؟**

ـ دوو کاری سەرەکی وا لە هەوڵی چارەسەرکردنی داین یەکیان کارکردنە لەسەر ئەو ریفۆرمەی کە بەرنامەمان بۆ دارشتووە ئەوەی تریان کێشەی ناوەندەکانی خوێندنە.

*** چەند خۆپیشاندێک لەشارەکانی کوردستان ئەنجام درا لەلایەن خوێندەڤانانی بەشە ناوخۆیەکان ئێوە چەند هاوکاریتان کردوون و قسەیان لەگەڵدا بکەن؟**

ـ دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە ئەزموونێکی دوورو درێژمان نەبوو لە حوکم داریەتی و دەزگاکانی مەدەنی وەکو پێویست دەوری خۆی نەبینیوە هەموکات یەک بیر دەسەڵات دار بووە بەسەر خەڵکان خەڵکی ئێمە نازانێ کاتێ کێشەیەکی دەبێ کەناڵەکان لە کوێیە سەردانیان بکات و کێشەکەی چارەسەر بکات بۆیە هەرشتێ دەبێ روو دەکاتە سەرشەقام من خۆم پشتگیری لەوان دەکەم بۆ مافەکانیان، بەڵام ئەوە لە بیرنەکەن کە ئەوە یەکەم کار تە بەکاری دەهێنن، بە هەموو دەرگاکان تاقی بکەنەوە ئەگەر کەس گوێی بۆ نەگرتن ئەوا بابێنە سەر شەقام، ئەم لیژنەیە بۆ خزمەتی قوتابیان دروست بووە، کەسێک هاتووە بۆ پەرلەمان کێشەی هەبێ بۆ چارەسەر نەکرابێ من دەڵێم نەخێر کەس نەهاتووە بەم شێوەیە.

بۆ دارمانی گەنج من دەسەڵات تاوانبار دەکەم لەوەی کە وەکو پێویست پێداویستیەکانی دابین نەکردووە

ئێمە لەگەڵ عەقڵە لەگەڵ تەمەن نییە.

*** تەوەرێکی تری گفتوگۆیەکەمان لەسەر ئەوە دەبێ کە بەرێزتان ئەندامی لیژنەی پەروەردەن لە پەرلەمانی کوردستان، بەنیازی کۆنفرانسێک بوون بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بەلام ئێستا بێ دەنگی بالی کێشاوە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم کۆنفرانسە بەچی گەیشت؟**

ـ زۆربەی ئەندامی لیژنەکەمان مامۆستان ئێمە پێش ئەوەی بێینە پەرلەمان هەستمان دەکرد بۆ شایەک هەیە لە پرۆگرامی خوێندن و نەبوونی بینای سەردەمیانە بۆ خوێندن و ئاستی زانستی قوتابی، ئەمە وا لە ئێمە کردو هانی داین بەتایبەتی کاتێ خۆمان بەراود دەکرد لەگەڵ سیستەمی خوێندن لە دونیای دەرەوە ئەوە هەستمان دەکرد ئاستی خوێندن لەوولاتی ئێمە زۆر نزمە

لاوێک: دەنگم بەرامبەر بەگلەیی و پێداویستی نییە دەنگم بۆ چارەنووسی هەموو کوردستانیەکە

ریپۆرتاژی / دیدار حەسەن

٢٠٠٥/١٢/١٥ بریارە هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام بدرێت، هەموو لیستێک لە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگدایە، ئەو گلەیەی لە گەنج دەکرا کە دەنگیان بۆ دەستوو نەداوە ئەمڕۆ گەنج بە پەرۆشەوە خۆی ئامادەکردووە بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و ئەولیستەی کە پاڵپشتی مافەکانی گەلی کورد دەکات بەبێ جیاوازی هەندێک لەم گەنجانە بەم شێوەیە بیروڕای خۆیان دەربری بۆ ئاڤێستا.

سەرەتا ئازاد وەلی خوێندەڤانی کۆلیژی یاسا وتی ئێمە ئەرکی زۆرمان لەسەرشانە بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئەویش بەشداری کردنمان بۆ خزمەتی نەوەی داهاتوو کە بۆچوار ساڵی تر هەڵبژادن ئەنجام دەدرێ ئێمە دەبێ سەنگی کوردی زیاد بکەین بۆ ئەم هەڵبژاردنە،

لاوین موحسین کە ئەویش خوێندەڤانی زانکۆ ووتی من خۆم هەر بەشداری دەکەم تا چەندیش پێم بکرێ خەڵک هان دەدەم تا بەشداری ئەم پرۆسەیە گرنگە بکات کە داهاتوومانی پێوە بەندە. نەوزاد ئەکرەم کە گەنجێکی شاری هەولێرە ووتی ئێمە کێشەمان زۆرە هەمووو لایەک ئەوەباش دەزانن بەڵام ئەوەی لای من گرنگە ئەم هەڵبژاردنەیە چونکە رکابەری ئەو عەرەبانە دەکەین کە کورد لە سەر دەستی ئەوان ئەنفال کراوە و کیمیاباران کراوە ئەوەی دەنگ بە لیستی کوردی نەدات پێم باشە لە کوردستان دانەنیشێ بچێتەوە خاکی عەرەبەکان. ژاڵە نادریش بەم شێوەیە رای خۆی دەربری کە هەموولایەک